**پێشەکی**

مرۆڤ بەردەوام کار بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی دەدات، نوێ بووەکان و زیادبووەکان، پێداویستیەکانیش دابەش دەبێت بۆ : پێداویستی تاك و پێداویستی کۆ، پێداویستیە تاکەکان تێردەکرێت لە لایەن چاڵاکی تایبەتەوە ، بۆ نموونە خۆراك ، جل و بەرگ ، دەرمان ،شوێنی نیشتەجێبوون...هتد، بەڵام پێداویستیە گشتیەکان تێردەکرێت لە لایەن دەستەو دامزراوە گشتیەکان. ئەو پێداویستیانەی کەوا دەستەو دامەزراوە گشتیەکان هەلدەستن بە تێرکردنیان بە پیداویستیە گشتیەکان پێناسە دەکرێت. کۆمەلەی پیداویستیە گشتیەکان کە دەوڵەت هەڵدەستێ بە تێرکردنیان خۆی لە تەوەری چاڵاکی دارای وئابووری دەولەت دەنوێنێ ، ئەمەش لەڕێگەی خەرجیە گشتیەکان دەبێت ، پێویستە دەوڵەت داهاتێکی گشتی دەست بکەوێ تاکو بتوانێ خەرجیەکانی پڕبکاتەوە.

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم

## چوارچێوەی گشتی داریی گشتی

**دەرکەوتنی دارای گشتی**

**لەسەردەمانی کۆن :** دەوڵەتی فیرعەونی لە میسر و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پەنایان بۆ سەپاندنی جزیە دەبرد لە گەلە دۆڕاوەکان ، وەکاریان بە کۆیلەکان دەکرد بۆ دەستکەوتنی دەرامەت وخەرجکردنیان لە دامزراوە گشتیەکان ، میسریە کۆنەکان باجی راستەوخۆ ناراستەوخۆیان دەسەپاندە سەر مامەڵە بازرگانی و گواستنەوەی خاوندارێەتی زەوی ، وە هەروەها ئیمپراتوریەتی ڕۆمانی چەند جۆرێکی دیاریکراوی لە باجی دەسەپاندە سەر گرێبەستەکانی فرۆشتن و باج سەپاندن بەسەر میرات.

**لە سەردەمەکانی ناوەراست :** دارای گشتی و لەگەڵ دارای فەرمانڕەوا یەکی گرت و لە یەك جیانەکردنەوەی هەردوو دارایی، واتە هیچ جیاکردنەوەیەك لە نێوان خەرجیە گشتیەکانی کە پێویست بوو بۆ راییکردنی کارەکانی دامزراوە گشتی و خەرجیییە تایبەتەکانی پیویست بۆ فەرمانرەواو خاوخێزانەکەی ،ئەوەی تایبەتە بوو بە داهاتی گشتی دەوڵەت دەستی بەسەر ئەو برە پاریە دادەگرت کە پێویستی بوو لەڕێگەی زەوتکردن و دەست بەسەر داگرتن ، لەگەڵ ئەوەشدا تاکەکانی بەکاردەهێنا بۆ هەندێك کاری گشتی بەخۆرای. لەو کاتانەدا باج ڕۆڵی نەبوو، وە دەوڵەت داهاتەکانی مولکەکانی فەرمانرەوای خرج دەرکرد لە خۆی و خێزانەکەی ودەوروبەرەکەی .

**لە قۆناغی ئابووری ئازاد:** ئەمەش بەرهەمی هردوو شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرا و شۆرشی فەرەنسی و ئەنجامەکەشی دەرکەوتنی سیستەم سەرمایەداری بوو لە شێوە کۆنەکەی لە سەر بنەمای( لێی گەڕی باکار بکات، لێی گەڕێ بابروات) دەوڵەت نابێ دەست لە چاڵاکی ئابووری وەربدات و تاك سەربەستە لە مامەڵەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکان لە بەر ئەوەی هەر تاکێك هەوڵی بەدەستهێنانی سوودی خۆی دەدات ئەمەش لەیەك کاتدا وبەدەستی شاراوە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی سوودی کۆمەڵ بەگوێرەی چەمکی دەستی شاراوە ی ئادەم سمیث.

لەومەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێ ڕۆڵی دەوڵەت لە چاڵاکی ئابووری ، کۆت وبەندەکانی سەر چاڵاکیەکانی ، بەستراوەتەوە بە هەردوو بنەمای هاوسەنگی موازنە ( بەرامبەربوونی تەواو لە نێوان داهاتی دەوڵەت و خەرجیەکانی ) بێلایەنی دارای بۆ چالاکی دەوڵەت ، ئەوەش چەمکی داریی گشتی تەنها کردە چەمکێکی ژمیرەی خەرجیەکانی دەوڵەت و داهاتەکانی وە دوور لە هەر لایەنێکی ئابووری یان کۆمەڵایەتی ئەم چەمکەش چەندین سەدە بەردەوام بوو تا سەرەتای سەدەی بیستەم .

**وە لە سەردەمی نوێ :** لە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد، وولات ناچار بوو لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز دەست بخاتە ناو ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەم دەست تێوەردانەش پاش قەیرانی گەورەی ساڵی 1929 . ئەو هۆکارانەی کەوای کرد دەوڵەت دەست تێوەردان بکات :

1. ئارەزووكردنى دەوڵەت لە تێركردنى پێداويستيە گشتيەكان.
2. چارەسەركردنى هەندێك لەكێشەكانى بێكارى و هەڵاوسان .
3. كەمكردنەوەى جياوازى دابەشكردنى داهات و سامان لە نێوان تاكەكانى كۆمەڵگا .
4. كاراكردنى رۆڵى كەرتى تايبەت لە گەشە وخێراكردنى ڕەوڕەوەى پەرەپێدان.
5. سنوردانان بۆ چالاكى سەرمايەدارى قۆرخكردن و هاندانى پڕۆژەى بچوك و مامناوەندييەكان .

## تەوەرى دووەم

**يەكەم /پێناسە و چەمكە سەرەكيەكانى دارايى گشتى**

چەمكى كۆن: ( ئەو زانستەيە كەوا لە خەرجيەكانى دەولەت و داهاتەكانى دەوڵەت دەكۆڵێتەوە يان بەمانايەكى تر ئەو زانستەيە كەوا شيكردنەوە دەكات بۆ پێداويستيەكانى دەوڵەت وئامرزەكانى تێركردنى ئەو پێداويستيانە ).

دارايى گشتى بەمانا تازەكەى(دارايى گشتى ئەو زانستەيە لێكۆڵينەوە دەكات لە چالاكى دەوڵەت كاتێك دەوڵەت ئامرازو شێوازە داراييەكانى بە هەر دوو بەشى داهات و خەرجيەكانى بەكاردەهێنێت بۆ بەدەست هێنانى ئامانجەكانى كۆمەڵگا بە هەموو ئاراستە جياوازەكانى ئابوورى وكۆمەڵايەتى ودارايى).

لەم پێناسەيەدا دەگەينە دەرئەنجامێك كەوا چەند تۆخمێكى سەرەكى هەن بەيەكەوە ناوەڕۆكى دارايى گشتى پێك دەهێنن:-

1) دياريكردنى قەبارەى پێداويستيە گشتيەكان كەوا پێويستە تيربكرێن.
2) دياريكردنى ئامرازى پێويست لە ڕێگەيانەوە دەستەبەرى دەرامەكان بكرێت بۆ تێركردنى پێداويستيەكانى كۆمەڵگا .
3) دياريكردنى كاريگەرى چالاكى دەوڵەت لەسەر ئابوورى نەتەوەى بەگشتى.

**دووەم / پێداويستيەگشتيەكان :-**

**پێناسەى پێداويستى :** (هەرشتێك هەستى پێبكات كەوا پێويستى پێيەتى) **يان** (بريتييە لە ئەو حەزو ئارەزووەى لەناخى مرۆڤ دروست دەبێت بە ئاراستەى ئەو شتەى كەوا تێردەكرێت لە ڕێگەى كاڵاو خزمەتگوزارى بەرمبەر بە بەهايەك).

**پێناسەى پێداويستى گشتى:** **(** پێداويستى گشتى چالاكى گشتى هەڵدەستێ بە تێركردنى و لە ئەنجامى تێركردنى سودێكى گشتى دروست دەبيت).

پێداويست گشتى لە ڕێگەى تێركردنييەوە دەكرێت بۆ دووبەش: بەشێكى كەرتى گشتى هەڵدەستى بە تێركردنى ئەوەش ناسراوە پێداويستى تايبەت يان تاك وەك خواردن جل و بەرگ ، شوێنى نيشتەجيبوون...هتد، وە بەشەكەى تر كەرتى گشتى هەڵدەستێ بەتێركردنيان ئەوەش ناسراوە بە پێداويستى گشتى يان كۆمەڵ وە دادپەروەرى ئاسايش و بەرگرى ...هتد.

دەكرێت پێداويستيە گشتييەكان بە پێى تايبەت مەندى وسروشتيان بكرێنەچەند جۆرێك:

1. پێداويستيە گشتيەكان بەش بەش ناكرێت: ئەو پێداويستيانەن تێركردنيان بەش بەش ناكرێت وە سودى دروستبوو بەش بەش تايبەت بە تاك و يان كۆمەڵێك تاك ، تێركردنى پيداويستى ئاسايشى ناوەخۆ وبەرگرى نيشتيمانى وبەرگرى دەرەكى و دادپەروەرى ئەمانە بۆ هەموو لايەك وەكو يەكە ناكرێت كەسى ڕێ دوربخرێتەوە.
2. پيداويستى شايستە : جۆرێك پێداويستى هەيە بەش بەش دەكرێت ، واتە تێركردنى بەشبەش دەكرێت وات جياكردنەوەى پێداويستى تاكەكان لە يەكترى لە نێو كۆمەڵگا، سنورى ئەو خزمەتگوزاريانە يان پێداويستيانە دەوەستێتە سەر سروشتى ئابوورى و كۆمەڵايەتى وسياسى ڕۆڵى دەوڵەت لە كۆمەڵگا ،ئەو پێداويستيانەن دەكرێت تێركردنيان لە ريگەى كەرتى تايبەت بێت بەلام ئەگەر دەستە گشتيەكان هەلدەستێ بەتێركردنيان ئەگەر هاتوو سودێكى گشتى بەخشى.
3. كالا تاكەكان كەوا كەرتى گشتى هەڵدەستێ بەتێركردنيان : ئەو كالايانەن كەوا دەكرێت كەرتى تايبەت يان ئامرازى بازار هەلبستى بە ئاراستەكردنى دەرامەتە گرنگەكان بە تێركردنيان ، بەڵام لە بەر چەند هۆكاريكى ستراتيژى

وسیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری  کەرتی گشتی هەڵدەستێ بە بەرهەمهێنانیان ، وەك پیشەسازی چەك ، پیشەسازی ئاسن و پۆڵا ، وهەموو ئەو پیشەسازیانەی کەرتی گشتی لە ریگەی  پرۆژە گشتیەکان بەرهەمیان دەهێنێ، چوارچێوەی ئەم جۆرە کاڵایانە فراوان دەبیت لەگەڵ زیاد بوونی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری یان لە ژێر سایەی کە ناو دەبرێت بە دەوڵەتی بەرهەمهین .

**سێیەم / توخمەکانی (رەگەزەکانی) دارایی گشتی:**

1) خەرجیە گشتییەکان : دەوڵەت هەڵدەستێ بە خەرجکردنی گوژمەیەکی دارایی ناو دەبێت بە ( خەرجیە گشتییەکان) لە ڕێگەی دابەشکردنی داهاتی گواستراوەی ناوەخۆ یان دەرەکی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی کۆمەلایەتی یان ئابووری وەك یارمەتیدانی خێزانە کەم دەرامەتەکان بە ئامانجی دووبارەدابەشکرنەوەی داهاتی نەتەوەی و چاککردنەوەی ناهاوسەنگی لە داهات یان لە رێگەی کۆمەکەکان بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پێشکەش دەکرێت بەتاکەکان یان بەشێك لە یەکە ئابووریەکانی تایبەت.
2) داهاتی گشتی : ئەمەش بۆ پڕکرنەوەی خەرجیە گشتییەکان پاشان بۆ دەستەبەرکردنی دەرامەتی دارایی پێویست بۆ خەرجی گشتی ، لە بنەرەتدا دەوڵەت ئەم داهاتانەی لە داهاتی نەتەوەی لە سنوری ڕیگە پێدراو لە لایەن دارای نەتەوەی یان لە دەرەوە کاتێك لەناوەخۆ دەرامەتەکان بەشی خەرجیە گشتی ناکات، داهاتەکان جۆراوجۆرن لەوانە داهاتی مولکەکانی دەوڵەت وپرۆژە ئابووریەکان لەگەڵ ئەو رەسمانەی دەستی دەکەوێت پاشان داهاتە سیادیەکان وە لە پیشەوەیان باجەکان وە سەرچاوەی سێیەم خۆی لە قەرزەکانی ناوەخۆ و دەرەکی.
3) موازنەی گشتی دەوڵەت : ئەوەش ڕێکخستنێکی داراییە لە نێوان داهاتی گستی و خەرجیە گشتییەکان و پەیوەندی نێوانیان دیاریدەکات وە بە یەکەوە ئاراستەیان دەکات بۆ بەدەست هێنانی سیاسەتی دارای گشتی دەوڵەت.

**چوارەم/ دارایی گشتی ودارایی تایبەت**

دارایی تایبەت واتە داریی کەرتی حکومی ، بەڵام دارایی تایبەت واتە داریی تاکەکان وپرۆژەکانی تاك وە کۆمپانیاکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە ، وە دەکریت بگوترێت لەو کاتەی کە داهاتی تاك بڕی خەرجیەکانی دیاری دەکات ، بەڵام دەسەڵاتی گشتی خۆی گوژمەی ئەو داهاتە دیاری دەکات ، دەوڵەت توانای گونجاندنی داهاتەکانی هەیە بەگوێرەی خەرجیەکانی ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سنورداری داهاتی تاکە کەس ، بەڵام دەوڵەت سنوری نیە لە سەپاندنی وە دەرکردنی قەواڵی قەرزەکان وە زیادکردنی دەرامەتەکانە بە هەموو شێوەیەك.

- دەکرێت دارایی گشتی لە دارایی تایبەت بەم شێوەی خوارەوە :

1. لە رووی ئامانجەوە: تاك هەوڵی بەدەستهێنانی سوودی خۆی دەدات بەڵام بە نیسبەت دەوڵەتەوە ئامانجی گەیاندن سودی گشتیە.
2. لە رووی بنەرەتیەوە: تاك هەوڵی بەدەستهێنانی سوودی خۆی دیدات لە چوارچیوەی ئازادی بۆ دەستەبەری خزمەتگوزاریە گشتیەکان.
3. لە رووی رێکخستنەوە : بەنیسبەت تاکەوە لەسەر بنەمایی خاوەنداریەتی تایبیەتەوە دەبێت، بەڵام لەلایەن دەوڵەتەوە لەسەر بنەمای خاوەنداریەتی گشتی.

# بەشی دووەم :- خەرجیە گشتییەکان

## تەوەری یەکەم

پێناسەی خەرجی گشتی وپێشکەوتنی ناوەڕۆکی و دابەشبوونەکانی

**یەکەم- بەرەوپێشچونی خەرجی گشتی لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆڵی دەوڵەت**

تەقلیدیەکان سور بوون لەسەر لێکۆڵینەوە لە خەرجیە گشتیەکان لە ژێر سایەی مەنتقی کلاسیکەکان کە سنوری بۆ خەرجیە پێویستەکان بۆدەستەبەرکردنی پیداویستیە گشتیەکان کە دەڵەت هەڵدەستا بە تێرکردنیان لەسەر بنەمای ئابووری ئازاد ، بۆیە لەو کاتنەدا هیچ پاساوێك نەبوو بۆ بەدەستهێنانی داهاتی گشتی جگە لە توانایی پڕکردنەوەی خەرجیە گشتیە پێویستەکانی بۆ هەندێك لە خزمەتگوزاری گشتی کەوا دەوڵەت هەڵدەستا بە دابینکرنیان وەك ( ئاسایش، دادوەری ، بەرگری) ، پاشان دەوڵەت هاوسەنگی بودجەی بە پیرۆزدەزانی لەژێر سایەی بیردۆزی تەقلیدیەکان ، وە ڕێگەی نەدەدا بە بەدەستهێنانی داهات تەنها لەو سنورە نەبێت کە کە پێویستی پێیەتی بۆ خەرجیەکانی بۆ دەستەبەرکردنی رۆڵی سنورداری وەك دەوڵەتی پاسەوان ، بۆیە خەرجیە گشتیەکان بەشێوەیەکی بێ لایەن دەرکەوت.

لەگەڵ پێشکەوتن لەسەردەمی نوێ دەوڵەت تەنها وەك دەوڵەتی پاسەوان نەما وەك لە پێشوو ،دەوڵت هەڵسا بە دەست تێوەردان لە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی فراوان ، بۆیە خەرجیە گشتیەکان گرنگیان زیاد بوو بۆ ڕوبە ڕوبونەوەی لایەنە زۆرەکانی دەست تێوەردانی لەبەرئەوەی بووە ئەرکی دەوڵەت تێرکردنی پێداویستی تاکەکان ، وە خەرجیە گشتیەکان بووە ئامرازێکی کاریگەر لەسەر پەیکەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی هاوسەنگی پێویست لە نێوان تاکەکان ، ئەو بەرەو پێشچونانە بوونە هۆی دەرچونی بودجەی گشتی دەوڵەت لە سەربنەمای هاوسەنگی( هاوسەنگی ژمێرەی نێوان خەرجی و داهات) کە پێشتر تقلیدیەکان پەیڕەویان دەکرد ، ئەمەش وایکرد کەوا خەرجی گشتی زیاد بکات بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و پێداویستیەکانی دەوڵەتی نوێ سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە کورتهێنان لە بودجەی گشتی رووبدات.

**دووەم – پێناسەی خەرجی گشتی و ناوەڕۆکەکەی:**

خەرجیە گشتیەکان زۆر جۆرن ، وە زیاد دەبێ بە فراون بوونی ڕۆڵی دەولەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، وە لەبەر ئەوەی هەموو خەرجیە گشتیە کان وەك یەك نیە ، بەڵکو هەندێکیان جیاوازن لەگەڵ ئەوانی تر ج لە شێوەی سروشت یان کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی .

- پێناسەی خەرجی گشتی و رەگەزەکانی **"خەرجی گشتی گوژمەیەکی نەختینەییە کەسێکی گشتی هەڵدەستێ بە خەرجکرنی بەمەبەستی بەدەستهێنانی سودێکی گشتی"** ، لەم پێناسەیە دردەکەوێ کەوا لە سێ رەگەز پێك دێت :

1. خەرجی گشتی گوژمەیەکی نەختینەیە : دەوڵەت لەڕێگەی وەزارەت و دەستە و دامەزراوە گشتیەکانەوە هەڵدەستێ بەخەرجکردنی گوژمەیەکی نەختینەی وەك بەهای پێداویستیەکانی لە کاڵاو خزمتگوزاریەکان ، وە بەهای سەرمایەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانە کە خۆی خاوەنداریەتی دەکات ، وە بۆ پێدانی هاوکاری وکۆمەکە جیاوزەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و هی تریش.
2. **خەرجیە گشتیەکان کەسێکی گشتی پێی هەڵدەستی :** کەسانێکی مەعنەوی گشتی پێی هەڵدەستێ، نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکات لەهەموو سیستەمە جیاوازکان جا چ لایەنی گشتی ناوەندی بێت یاخود خۆجێی بێت خەرجیەکان، بەلام ئەو خەرجیانەی تایبەتن کە تاك پێی هەڵدەستی بە خەرجی گشتی داننرێت ئەگەر بەمەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتیش بێت، بۆ نمونە وەك بەخشینی پارە بۆ دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و مزگەوت ، ئەمە دەچێتە چوارچێوەی خەرجی خەرجی تایبەت.

3. **خەرجی گشتی ئامانج گەیاندنی سودی گشتییە:** لە بنەڕەتدا پێویستە هەر خەرجیەکی گشتی تێرکردنی پێداویستی گشتی بێت ، وە دەستەبەرکردنی مەسلحەتی گشتی بێت، هەر خەرجیەك ئەگەر بۆ تێرکردنی گشتی وگەیاندنی سودی گشتی نە بێت بۆ تاکەکان بە خەرجی گشت دانانرێت.

**سێیەم- دابەشکردنی خەرجییە گشتیەکان**

خەرجیە گشتیەکان زۆر شیوازیان هەیە ، ئەمەش زیاد دەبێ بە زیاد بوونی ڕۆڵی دەوڵەت و زیاد بوونی دیاردەی دەست تیوەردانی لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا ، جا لە لایەنی ناوەڕۆکەوە بێت یان کاریگەری ئابووری و ئەنجامە دارییەکانی .

**1)دابەشکردنی ئابووری بۆ خەرجیە گشتییەکان :**

A.**دابەشکردنی خەرجیەکان بەپێی ئەرکە سەرەکیەکانی دەوڵەت پێی هەڵدەستی:** بە گویرەی ئەم دابەشکردنە دەتوانین جیاوازی لە نێوان سێ جۆری جیاواز بکەین بە گوێرەی ئەرکە سەرکیەکانی دەوڵەت ئەوانیش:

❖**خەرجیە کارگێریەکان:** ئەو خەرجیانە پەیوەستن بەدابیکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان کەوا دەوڵەت پێی هەڵدەستێ وەك کارگێری گشتی و بەرگری وئاسایش ودادپەروەری و نوێنەرایەتی سیاسی.

❖**خەرجیە کۆمەڵایەتیەکان :** ئەمە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی کاریگەری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان لەڕێگەی بەدەستهێنانی برێك لە رۆشنبیری و فێربوون و چاودێری تەندروستی بۆ تاکەکان ، لەگەڵ بەدەستهێنانی برێك لە هاوکاری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی یارمەتیدانی چەند چینێك کە لەبارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدان پیێویستیان بەیارمەتی هەیە .

❖**خەرجیە ئابووریەکان:** ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ئابووری وەك وەبەرهێنان بەئامانجی بەخشینی خزمەتگوزاری بنەڕەتی بە ئابووری نەتەوەی وەك گواستنەوە وگەیاندن ، و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا ، وئاودێری و ئاوی پیس ، لەگەڵ پێشکەشکردنی کۆمەك بە پرۆژە گشتی وتایبەتەکان.

B.**خەرجیە ڕاستەقینەکان و خەرجیە گواستراوەکان :**

●**خەرجیە ڕاستەقینەکان:** ئەو گوژمەیە کە کەدەوڵەت خەرجی دەکات لە بەرامبەر دەستکەوتنی کاڵا و خزمەتگوزار یان سەرمایەی بەرهەمهێن وەك مووچە و کرێ وە بەهایی دابین کردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت .

●**خەرجیە گواستراوەکان:** ئەو خەرجیانەی دەوڵەت بۆ دەستکەوتنی کاڵا و خزمەتگوزاری وسەرمایە نیە ، بەڵکو گواستنەوەی بەشێك لە داهاتی نەتەوەی لە ڕێگەی دەوڵەتەوە لە بەشێك چینە کۆمەڵایەتیە داهات بەرزەکان بۆ بەشێکی تر کە داهاتیان سنوردار.

C.**خەرجی ئاسایی و خەرجی نائاسایی:**

مەبەست لە**خەرجی ئاسایی** ئەو خەرجیانەن ساڵانە دوبارە دەبنەوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە بودجەی گشتی دەوڵەت وەك موچەی فەرمانبەران ، تێچوی چاککردنەوەی بینا و دەمەزراوە گشتیەکان وە خەرجیەکانی فێرکردن و تەندروستی گشتی وخەرجیەکانی بەدەستهێنانی باج وە ئەو خەرجیانەی بەشێوەیەکی خولی لە بودجەی گشتی دەردەکەوێ.

بەڵام **خەرجیە نائاسیەکان** بەشێوەیەکی ڕێکخراو هەموو ساڵێك دوبارە نابێتەوە لە بودجەی دەوڵەت ، ئەو خەرجیانەن بۆ ڕوبەڕو بونەوەی بارودۆخێکی ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی دیاریکراو لە کاتێکی سنوردار بۆنمونە خەرجی زیانەکانی کارەساتە سروشتیەکان وەك زەمین لەرزە ولافاو وە خەرجی دروستکردنی بەنداو دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر و دروستکردنی ڕێگا و دامەزراندنی کەشتیگەلی بازرگانی و هی تر.

D. **خەرجیە ناوەندیەکان و خۆجیە خۆجێیەکان :** خەرجیەکە ناوەندیە ئەگەر هاتوو لە بودجەی گشتی دەوڵەت دەرکەوت و حکومەتی ناوەندی پێی هەڵبستێ وەك خەرجیەکانی بەرگری و دادپەروەری و ئاسایش . بەڵام خەرجی خۆجێیەکان ئەو خەرجیانەن هەرێمەکان یان ئەنجومەنی پارێزگاکان یان ئەنجومەنی شارەوانیەکان

پێی هەوڵدەستێ وە لە بودجەی ئەو دامزراوانە دەردەکەوێ ، وە لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتکردنی دەستە و دامەزراوە خۆجێیەکانە وە ك خەرجی بۆ گەیاندنی ئاو کارەبا بۆ شار و شارۆچکەکانە .

**2)دابەشکردنی بارودۆخیەکانی خەرجی گشتی:**
ئەو خەرجیانەن دەوڵەت پەیڕەوی دەکات لە بودجەی گشتی ووڵاتان بە پشتبەستن بەو بارودۆخە کرداریانەی لەئارادایە ، بەتاییەت لە بەرچاو گرتنی کارگێری و ئەرکیەکانی پێویست بە پابەندبوون ناکات بە دابەشکردنی زانستی ( ئابووری) خەرجیەکان.
دابەشکردنی کارگێڕی خەرجیە گشتیەکان گرنگی دەدات بە دابەشکردنیان بە گویرەی دەستەکارگێڕیەکان کە پێی هەڵدەستێ، بە بێ لە بەرچاوگرتنی لایەنەکانی چالاکی و ئەرکەکانیان کە ئەو دەستانە پێی هەڵدەستن، دابەشکردنی کارگێڕی سیفەتی کارگێری تەواوی وەرگرتووە وە گرنگی نادات بەخەرجیەکان بە پێی بابەتەکە. بەڵام خەرجی ئەرك گرنگی دەدات بە دابەشکردنی خەرجیە گشتیەکان بەگوێرەی ئەرکەکانی دەولەت پێی هەڵدەستێ بە بێ گرنگی دان بە سروشتی خەرجیەکە ، ئەو ڕێگەیەش بوار دەدات بە کۆکردنەوەی هەموو خەرجیەکان کە ئامانجی بە دەستهێنانی هەمان مەبەستە لەیەك بەش ئەگەر هاتوو دابەشیش کرابو بەسەر وەزارەت و شوێنەکانی تر ، ئەوەش بەوە جیا دەکریتەوە سەیری کڕینەکانی دەوڵەت ناکات بەڵکو چوارچێوەی ئەو ئامانجەی کە دەیەوێ جێبەجێی بکات.
تێبینی دەکرێت دابەشکردنی ئەرکی بەربڵاوترین شێوەیە لەو کاتانەی ئێستادا لە بودجەی دەوڵەتاندا.

## تەوەری دووەم

## قەبارەی خەرجیە گشتیەکان وئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەری هەیە

**یەکەم – مەرجکانی خەرجی گشتی :**
بۆ ئەوەی ئەو خەرجیانە کاریگەری خۆیان هەبێت لە تێرکردنی پێداویستیە گشتیەکان ، پێویستە ئامانجی خەرجیە گشتیەکان بەدەستهێنانی زۆرترین سود بێت بۆ کۆمەڵگا لە لایەك ، ئەمەش لە ڕێگەی ئابووری لە خەرجیە گشتیەکان لە لایەکی تر .

1-**بەدەستهێنانی زۆرترین برلە سودی گشتی بە کۆمەڵگا:** بەدەستهێنانی زۆرترین بر لە سودی گشتی واتە بە پلەی یەکەم نابێت خەرجی گشتی ئاراستە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی سودی تایبەت بۆ هەندێك لە تاکەکان یان چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا نەك هەموو کۆمەڵگا لەبەر ئەوەی لەچینێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتین.

2- **ئابووری لە خەرجی :** دەبێت هەموو دەستە ودامەزراوە وپرۆژە گشتیەکانی دەوڵەت رەچاوی ئابووری بکەن لە خەرجیەکان، ئابووری لە خەرجی مەبەست سنوردانان و کەمکردنەوەی خەرجیەکان نیە، بەلکو مەبەست لێی باش جێبەجێکردن وبەرەنگاربوونەوەی زیادە ڕۆی و کارکردن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین سود بە کەمترین تێچون .

3-**کردنە پێوانەی(تقنین) چالاکی داریی و خەرجی گشتی لە دەوڵەت و کۆنترۆلکردنی چاودێری لە سەر خەرجیە گشتیەکان :** یاسا دارییەکانی دەوڵەت هەموو ئەو شتانەی تایبەتن بە خەرجیە گشتییەکان ڕێك دەخات یان جیبەجێیان دەکات ودەسەڵات ڕێگە دەدات بە خەرجکردنی خەرجیە گشتیەکان وهەنگاوەکانی خەرجکردن وڕاپەڕاندنی کارەکانی هەر یەکەیان بۆ ئەوەی خەرجیە گشتیەکان ببێتە هۆی گەیاندنی سودی گشتی بۆ ئەوانەی مەبەستیەتی .

**چاودێریکردنی خەرجیە گشتیەکان سێ جۆر لە خۆ دەگرێت:**

1. **چاودێری کارگێری:** ئەو چاودێریە فەرمانبەرانی وزارەتی دارایی پێی هەڵدەستن ئەرکی سەرەکیان ڕێگە نەدان بە خەرجکردنی هیچ گۆژمەیەك ئەگەر هاتوو ڕێگەی پێنەدرابوو لەبودجەی گشتی لە سنوری باوەڕنامە.
2. **چاودێری ژمێریاری سەربەخۆ:** ئەرکیان دڵنیابوونە لە هەموو کردارەکانی خەرجی بە پێی یاسا کراون وە لە سنوری یاسای بودجەی گشتی و بنەما دارییەکان دەرنەچووە .
3. **چاودێری بەرلەمانی :** ئەمەش لە لایەن دەسەڵاتی یاسا دانان جێبەجێ دەکرێت لە پرسیارکردن و لێپرسینەوە و بەدواداچونی بەرلەمانی وەکێشانەوەی متمانە لە وەزیر یان هەموو وەزارەتەکە ، ئەوەش زیاتر بەدیار دەکەوێت لە کاتی گفتو گۆی بودجەی گشتی ، وە لەکاتی پێداچونەوە بە ژمێرەی کۆتای بودجەی گشتی دەوڵەت (هاوسەنگی کۆتای) لە بەرامبەر بەرلەمان.

**دووەم- سنوری خەرجیە گشتییەکان :**

خەرجیە گشتیەکان بریتییە لە گوژمە نەختینەیەکان دەولەت لە داهاتی نەتەوەی دەبڕێت بۆ خەرجکردنیان بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستیە گشتییەکان ، لێرەدا پرسیارێك دێت ئاراوە ئایا ڕێژەیەکی دیاریکراو هەیە لە داهاتی نەتەوەی دەوڵەت کە نەتوانێ تێپەڕی بکات لە دیاریکردنی خەرجیە گشتیەکان ، هەندێك لە ئابووری ناسان و دارایی ناسانی لاسایی( تقلیدی) ڕێژەکەیان لە نیوان (10%- 15%) دیاریکردوە دەوڵەت نابێ لەو ڕێژەیە تێپەڕێنیت ، بەڵام دیاریکردنی ئەو ڕێژەیە بە بەستەڵەکی و لەبەرچاو نەگرتنی بارودۆخی ئابووری ودارایی کە ئابووری نەتەوەی لە ئابووریەکانی تری نەتەوەی جیا بکاتەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لە هەمان دەوڵەتدا.

**سێیەم – دیاردەی زیادبوونی خەرجیە گشتیەکان :**

دیاردەی زیاد بوونی خەرجیە گشتیەکان وجۆراوجۆر بوونی ساڵ دوای ساڵ بووە بە دیاردەیەکی ناسراو بە نیسبەت دارایی دەوڵەت لە وڵاتە جیاوازەکان لە ئەنجامی بەرەوپێشچونی ڕۆڵی دەوڵەت و زیادبوونی پلەی دەست تێوەردانی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، ئابووری ناسان بە پشتبەستن بە خوێندنەوەی ئامارەکانی وڵاتە جۆراو جۆرەکان ئەو دیاردەیان کردە یاسایەکی گشتی لە یاساکانی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەلایەتی .
زانای ئەڵمانی فاجنەر یەکەم کەس بوو سەرەنجیدا بۆ یاسای زیادبوونی خەرجیە گشتیەکان ، پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەی لە قەبارەی خەرجیە گشتیەکان بۆ زۆرێك لە وڵاتە ئەورپییەکان کرد لە سەدەی نۆزدەم ، ئەوەی بەستاوەتەوە بەپێشکەوتن ، دەوڵەت گەشەدەکات و پێش دەکەوێ و پابەندیەکانی زیاتر دەبێ لەگەڵ فراوان بوونی دەستخستنی بۆ خزمەتکردنی تاکەکان وپاشان خەرجیەکانی زیاد دەکات.

- **هۆکارەکانی زیادبوونی خەرجیەگشتیەکان :**

1. **هۆکارەکانی زیادبونی ڕاستەقینەی خەرجیە گشتیەکان :**

مەبەست لەزیادبوونی ڕاستەقینەی خەرجیەکان زیادبوونی ڕاستەقینەی سودە لە ئەنجامی ئەو خەرجیانە وزیاد بوونی تێچونە گشتیەکان بەڕێژەیەکی دیاریکراو، وەهەروەها نیشاندانی دەست تێوەردانی دەوڵەت لەکاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی هاووڵاتی.

a) **هۆکارە ئابووریەکان:** گرنکترین هۆکاری ئابووری ئەو دیاردەیە زیاد بوونی داهاتی نەتەوەی و فراوان بونی پرۆژە گشتیەکانە وچارەسەرکردنی ئەو گۆررانکاریانەی بەسەر چالاکی ئابووری دادێت ( بە تایبەت لە حاڵەتی بێ بازاڕی).

b) **هۆكاره كۆمەڵایەتیەکان :** ئارەزوکردنی هاووڵاتیان لە سەردمی نوێدا بۆ نیشتەجێبون لە شارەکان وشوێنە پیشەسازیەکاندا بووە هۆی زیاد بونی خەرجیە گشتیەکانی تایبەت بە خزمەتگوزاری فێرکردن و تەندروستی و ڕۆشنبیری و گواستنەوە و ئاو و گاز و کارەبا...هتد.

c) **هۆکارە سیاسیەکان :** بڵاوبونەوەی بنەماکانی دیموکراتیەت بوە هۆی گرنگیدانی دەوڵەت بە بارودۆخ وژیانی چینی داهات سنور دارەکان، وهەڵسان بە پێشکەشکردنی زۆرێك لە خزمەتگوزاری گرنگ، وە سیستەمی حزبی دەسەڵاتدار هەوڵی زیادکردنی پرۆژەکانی کۆمەڵایەتی دەدات بە مەبەستی رازیکردنی دەنگدەرانی و زیادەڕۆی لە دامەزراندنی فەرمانبەران وەك خەڵات بۆ لایەنگرەکانی ئەمانەش دەبنە هۆی زیادبوونی خەرجیە گشتیەکان.

d) **هۆکارە کارگێریەکان :** ڕێکخستنی کارگێڕی خراپ و بەرەو پێش نەچونی لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانستی ، و زیادەرۆی لە ژمارەی فەرمانبەران و زیادکردنیان ، وە زیادەڕۆی لە پاشکۆی پیشە گشتیەکان لە کەلوپەل وئۆتۆمۆبیل ....هتد.

e) **هۆکارە داراییەکان :** ئاسانی لە قەرزکردن لە ئێستادا بوە هۆی ئەوەی کەوا دەوڵەت زۆرتر قەرزی گشتی بکات بۆ بەدەستهێنانی دەرامەتی داریی کە ڕێگەی پێدەدا بەزیادکردنی خەرجیەکان ، وە لە کاتی بوونی زێدەگی لە داهاتەکان یان دارییەکی یەدەگ تەرخان نە کرابوو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەت خەرجی بکات لە چەند لایەنێکی ناپێویست.

f) **هۆکارە سەربازیەکان :** فراوان بونی سنوری جەنگەکان وخۆ ئامادەکردن بۆی و دەرئەنجامەکانی دەبێتە هۆی زیاد بونی خەرجیەکانی دەوڵەت ، ئەمەش تەنها لە کاتی جەنگ روونادات ، بەڵکو لەکاتی ئاشتیشدا ئەو خەرجیانە زیاد دەکەن ، بەهۆی نائارامی باردۆخی جیهان لە زۆربەی ووڵاتانی جیهان ، وە ئەو خەرجیانەش لە ووڵاتیکەوە بۆ ووڵاتێکی ترجیاوازە.

2. **هۆکارەکانی زیادبوونی ڕوکاری (ظاهری) خەرجیة گشتیەکان :**

a. **دابەزینی بەهایی دراو :** کەمبونەوەی بەهای دراو یان دابەزینی توانای کڕینی دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بڕی ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەی دەکرێت بە دەست بهێنریت لە ڕێگەی ژمارەیەکی دیاریکراو لە یەکەی دراو بەرامبەر بەو بڕەی کە پێشتر بەدەست دەهات پیش دابەزینی نرخی دراو.

b. **جیاوازی هونەری درایی** : ئەمەش پەیوەندی بە ئامادە کردنی بودجە و ژمێرەی گشتییەوە هەیە، زیادبوونی خەرجی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هونەری دارایی وە بۆ ڕێگاکانی تۆمارکردنی ژمێرەی دارایی ، لە بنەما هونەریە ناسراوەکانە لە کاتی ئامادەکردنی بودجەی گشتی دەوڵەت، وەرگرتنی بودجە لە شێوەی پوخت یان بە گشتی (تێکڕایی).

c. **زیاد بوونی ڕووبەری ووڵات** : ئەگەر هاتوو خەرجی گشتی زیادی کرد تەنها لەئەنجامی فراوان بوونی ڕوبەری ووڵات یان زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەرێمەکە هەبێت ، زیادبونی خەرجی تەنها زیادبونێکی ڕووکاریە .

# بەشی سێ یەم
# داهاتی گشتی

## پێشەکی

هەندێك پێشنیازیان کرد جیاکاری لە نێوان دووجۆر لە داهاتی گشتی بکرێت ، داهاتێك کەس پابەند ناکرێت تاکو بیدات وەك داهاتی موڵکە تایبەتەکانی دەوڵەت، داهاتی پیشەسازی و بازرگانی، قەرزی هەڵبژاردن.

وداهاتی ناچارکردن تاکەکان پابەند دەکرێن بۆ دانی بەدەوڵەت ئەمەش گرنگی زیاترە وەك باج و رسم و قەرزی ناچاری ، لەگەڵ ئەو داهاتانەی دەوڵەت دەستی دەکەوێت بەبێ بەرامبەر وەك کۆمەك وهاوکای وبەخشینەکان.

وەهەندێکی تر داهاتی گشتیان دابەشکرد بۆ دووجۆر داهاتی ئاسایی دەوڵەت ساڵانە بەشێوەیەکی رێکخراو یان خولی (دوری) دەستی دەکەوێت وەك داهاتی موڵکە تایبەتەکان و باج و رسم ، وەداهاتی نائاسایی کە ساڵانە دووبار نابێتەوە بەڵکو دەوڵەت ماوە ماوە پەنای بۆ دەبات بەپێی پێویست وەك قەرز و دەرکردنی پارە وە فرۆشتنی بەشێك هەبوەکانی دەوڵەت.

## تەوەری یەکەم

### داهاتی موڵکەکانی دەوڵەت

دەوڵەت خاوەنی دارایی گوستراوەیە وەك ئەو کاڵایانەی دەیفرۆشی وە ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات وە دارایەکی تری نەگوزراوە وەك عقارات و کانەکان ودارستان وبیرە نەوتەکان ، ئەو داهاتانە یارمەتی دەوڵەت دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو بارگرانیەی کەوتۆتە سەرشانی. وە لە لایەنی یاسایی مولکەکان دوو جۆرن: دارابیەك خاوەنداریەتی گشتیە ، وداریيەك خاوەنداریەتی تایبەتە.

1. **دارابیەك خاوەنداریەتی گشتیە (دۆمینی گشتی) :** ئەو داراییانە دەکەونە ژێر باری یاسای گشتی وە تایبەتە بە سودی گشتی وەك ڕێگا و بانەکان و گۆرەپانەکان و باخچە گشتییەکان وە ڕووبارەکان و وبەنداوەکان ....هتد.

2. **دارابیەك خاوەندارییەتی تایبەتیە (دۆمینی تایبەت):** ئەو دارایانە دەکەونە ژێر باری یاسای تایبەت، وەك تاك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، وەك بیرە نەوتەکان وزرەویە کشتوکاڵی ودارستانەکان ، وەپرۆژە جۆراجۆرەکانی وەبەرهێنانی پیشەسازی وبازرگانی وکشتوکاڵی و دارییەکانی دەوڵەت پێی هەڵدەستێ.

بەم جۆرە موڵکە تایبەتەکانی دەوڵەت لە چەمکی نوێیدا مولکەکانی پسشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری کشتوکاڵی کە داهاتیان هەیە بۆ دەوڵەت ئەمانەن:

أ. **داهاتی عقاری:** دەوڵەت خاوەنی عقاراتە، کە داهاتێك دەدات بە گەنجینەی دەوڵەت و بە داهاتی گشتی دادەنرێت، بە تایبەت داهاتی دروست بوو لە مولکەکانی دەوڵەت لە زەوی و بینا و دارستان و کانەکان دەگرێتەوە.

ب. **داهاتی پیشەسازی:** مەبەست لە داهاتی پیشەسازی داهاتی دروست بوو لە دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی لە لایەن دەوڵەتەوە یان بەشدارە تیایدا یان خۆماڵی کردووە.

ج. **داهاتی بازرگانی:** داهاتی بازرگانی بە داهاتێکی نوێی دەوڵەت دادەنرێ، دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات نەك بازرگان ، وەهەندێك داهاتی بازرگانیش قۆرخکردنی دەوڵەتە بۆ هەندێك چاڵاکی ئابووری.

د. **داهاتی خزرمەتگوزاری :** دەوڵەت داهاتێکی دەست دەکەوێ لە ئەنجامی قۆرخکردنی هەندێك خزمەتگوزاری بنەرەتی وگرنگی تاکەکان وەك قۆرخکردنی چاڵاکی بیمە (تامین) ، لەبەر ئەوەی کەرتی

بیمە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەر ئاستی چالاکی تاك و یان چالاکی کۆمەڵ وە لە پاراستنی سەرمایەیەی مرۆی و مادی و پارێزگاری لێکردنی.

ه. **داهاتە داراییەکان :** مەبەست لە داهاتی دارایی پشك و قەواڵەکانە ،وە سووی قەرزەکانە کە دەوڵەت دەیدات بە تاکەکان ودامەزراوە و سودی دانانی هەندێك لەداراییەکەی لە بانکەکاندا .

## تەوەری دووەم

## داهاتەکانی باج

لە سەردەمی نوێدا باج بە یەکێك لە گرنگترین جۆرەکانی داهاتی گشتی دادەنرێت کە دەوڵەت پشتی پێدەبەستێ بۆ پڕکردنەوەی خەرجیە گشتیەکان ، دەوڵەت تاکەکان ناچار دەکات لە هاوبەشی کردن لە هەڵگرتنی بارگرانیەکەی لە ڕێگەی سەپاندنی باج بەسەریاندا بەپێی سیستەمێکی هونەری دیاریکراو لەسەر چەند بنەمایەك وەستاوە کە دەبێ تاکەکان پابەند بن بەدانی باج ، گرنگی باج دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی هەیەتی لە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دارایی، وە گرفتە هونەری و ئابووریەکان دەخاتە ڕوو و دەرئەنجامەکانی لە کاریگەریە ئابووری و کۆمەلایەتیەکان.

### یەکەم - چەمکی باج

" بریتییە لە سەپێندراوێکی نەختینەی تاکەکان پابەند دەکرێن بە دانی بەدەوڵەت یان یەکێك لە دەستەکانی گشتی خۆجێی دەوڵەت بە شێوەیەکی کۆتایی بۆ هەڵگرتنی تێچونەکان و بارگرانی گشتی بەبێ ئەوەی سودێکی تایبەتی پێبگات لەبەرامبەر دانی باج".

### تایبەتمەندیکانی باج :

1) **باج سەپێنراوێکی نەختینەییە:** باج لەشێوەی نەختینەی(پارە) دەدریت لە سەردەمی ئێستادا لەبەر پێویستی سیستەمی ئابووری وە هەموو مامەڵەکان بەشێوەی نەختینەی دەکرێت جا لە کەرتی گشتی بێت یان کەرتی تایبەت.

2) **باج بە ناچاری دەدرێت :** واتە تاك سەربەست نیە لە دانی باج بەڵکو ناچار دەکرێت بۆ دانی بەدەوڵەت ، ناچارکردنەکەش یاساییە لە ڕێگەی یاسایی باج ئەمەش هێزی پابەندکردنە بۆ بنەمایی یاسایی کە دەسەپێنرێتە سەر باجدەر ودەبێ پابەندی هەموو لایەنەکانی بێت.

3) **باج بەشێوەیەکی کۆتایی دەدرێت :** مەبەست لەم خەسلەتە تاك پابەندە بەدانی باج. بەشێوەیەکی کۆتایی ، دەوڵەت پابەند نیە بەگەڕاندنەوەی بەهاکەی بە هیچ شێوەیەك .

4) **باج دەدرێت بەبێ بەرامبەر:** ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە باجدەر باجەکەی دەدات هیچ بەرامبەرێکی ڕاستەوخۆ یان سودێکی تایبەت وەرناگرێ لە دەوڵەت .

5) **باج بوار بە دەوڵەت دەدات سودێکی گشتی دەستەبەربکات:** دەوڵەت پابەند نابێت بە پێشکەشکردنی خزمەتێکی دیاریکراو یان سودێکی تایبەت بە باجدەر، بەڵکو باج کۆدەکاتەوە بۆ پڕکردنەوەی خەرجیە گشتییەکانی لە کەرتەجۆراوجۆرەکان وەك تەندروستی، فێرکردن، ئەمن وئاسایش ، دادوەری، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ...هتد.

**دووەم - ئامانجەکانی باج**

1. **ئامانجە داراییەکانی باج :** ئامانجی باج لە ژێر سایەی دەولەتی پاسەوان تەنها کورتکرابووە لە بەدەستهێنانی دارایی پێویست بۆپڕکردنەوەی خەرجیەگشتیەکان، بەبێ ئەوەی ئەو داراییە هیچ ئامانجکی تری هەبێت وەك ئاراستەکردن یان وەبەرهێنان بۆ نموونە واتا دارایی گشتی بێ لایەن بوو . وەبۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دارایی پێویستە هەندێك مەرج هەبێت:

   أ. **بەدەستهێنانی فرەی :** واتا بەدەستهێنانی زۆرترین بری دارایی پوخت (واتا پاش دەرهێنانی خەرجی( تێچونی) کۆکردنەوەی داهاتەکە).

   ب. **جێگیری لە بەدەستهێنان :** ئەوەش کاریگەر نەبێت بەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدات لە چالاکی ئابووری ، بە تایبەت لە کاتی بێ بازاڕی ( کساد).

   ج. **نەرمی نواندنی باج :** ئەمەش داهاتەکەی زیاد وکەم دەکات بەپێی بارودۆخی ئابووری.

   د. **بێلایەنی باج :** ئەمەش واتە ئامانجی باج کورت بکریتەوە تەنها لە مەبەستی دارایی بەبێ ئەوەی کاریگەری هەبیت لەسەر تاکەکان یاخود باجدەر وە بەبێ دەست تێوەردان لە کاروباری ئابووری وکۆمەڵایەتی.

باج لە بێ لایەنی دەرچوو دوای ئەوەی ڕۆلی دەوڵەت گۆرا لە دەوڵەتی پاسەوان بۆ دەوڵەتی نوێی دەست تێوەردەر بەجۆرێك باج گۆڕا لە بێ لایەنی بۆ باجی ئەرکدار کە ڕۆلی هەبێت لە دەست تێوەردان بەشێوەیەك دەوڵەت لە سەردەمی نوێ دەست لەکاروباری ئابووری وەردەدات و پاشان ڕۆلی باج سەرەڕایی مەبەستی دارایی چەند ئامانجێکی ئابووری وکۆمەلایەتی وسیاسی تری هەبوو.

2. **ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی باج:** هاندانی لە دایك بوون یان سنوردانان بۆی ، دووبارە دابەشکردنەوەی داهات وسامان بە ئامانجی کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی کۆمەلایەتی ، هاندانی بەکاربردنی کاڵای ویستراوی کۆمەڵایەتی، یاخود بەرنگاربونەوەی بەکاربردنی هەندێك کاڵا

3. **ئامانجی ئابووری :** هاندان یاخود بەرەنگاربونەوەی هەندێك جۆری پرۆژە لە ڕێگەی جیاکاری لە مامەلەی باج، هاندانی پاشەکەوتکردن و کۆکۆدنەی سەرمایە لە ڕێگەی هەندێك لێخۆشبوون بە گوێرەی جۆری کاڵاکە، پارێزگاری کردن لە بەرهەمی نیشتیمانی و چارەسەرکردنی کورتهێنان لە تەرازوی پێدان، کەمکردنەوەی گۆڕانکایە ئابووریەکان لەڕێگەی سیاسەتی باج .....هتد.

4. **ئامانجی سیاسی باج :** باج بەکار دەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانج سیاسی بۆ هەندێك چین لەسەر حسابی چینێکی تر، یاخود ئاسانکاری بازرگانی لەگەڵ هەندێك وولات وە یان سنوردانان بۆ هەندێکی تر لەڕێگەی بەرزکردنەوە یان نزمکردنەوەی باجی گومرگی لەسەر هاوردەکان.

## سێ یەم – ڕێکخستنی هونەری باج

مەبەست لە ڕێکخستنی هونەری باج" جێبەجیکردنی هونەری تایبەت بە سەپاندنی باج وداهاتەکەی ، پاشان دیاریکردنی ئەو رەگەزانەی کە باجی دەکەوێتە سەر دەفری باج و هەڵسەنگاندنی بەهای ئەو ڕەگەزانە واتا دایاریکردنی دەفری باج بە ئامانجی گەیشتن بە دەستهێنانی باج و داهتەکەی".

❖ **دەفری باج:** مەبەست لە دەفری باج ئەو ماددەیە کە باجی دەکەوێنە سەر یان ئەو بابەتەی باجی دەکەوێتە سەر ، لەکاتی دیاریکردنی دەفرەکە پێویست جیاکردنەوە هەبێت لەنێوان:

1-**باجی سەر کەسەکان و وباجی سەر دارییەکان :** مەبەست لە باجی سەر کەسەکان ، ئەوباجەیە کەوا کەسەکان و تاکەکان شوێنی سەپاندنی باجن ، بەکارهێنانی باجی سەرانە لەسەردەمانی کۆنەوە لە لایەن عەرب وڕۆمانەکان تا کۆتای سەدەی نۆزدەم بڵاو بوو لەبەر ئاسانی بەڕێوەبردنی و بەدەستهێنانی داهات ،بەڵام بەوە جیادەکرێتەوە کە دادپەروەری تێدا نیە لەبەر ئەوەی توانایی باجدەر لەبەر چاو ناگرێت ، بەڵام باجی سەر دارایی ، جا سەروەت وسامان یان داهات یان دیاردەیەك لە دیاردەکانی دەوڵەمەندی ئەو ماددەیە بێت کە باجی دەخرێتە سەر، بۆیە دارایەکەی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بنەمای سەپاندنی باجە.

2- **یەك باج و فرە(هەمەجۆر) باج :** مەبەست لە سیستەمی یەك باج دەوڵەت پشت بە داهاتی یەك باج دەبەستێ، دەوڵەت هەڵدەستێ بە سەپاندنی باجێکی سەرەکی کە گرنگیەکی ڕێژەی گەورەی هەیە لە کۆکرنەوەی داهاتەکانی لە باجی سەپێنراو لەسەر بەرهەمی زەوی و سامان.

بەڵام سیستەمی فرە باج شێوەیەکی سیستەمی باجی نوێیە بەندە لەسەر جۆراوجۆری باج وەجۆراوجۆری دەفرەکانی باج بەجۆرێك کە هەموو لایەنەکانی چالاکی ئابووری لە خۆ دەگرێت وەك باجی سەر تاکەکان ، داهاتی کارەکان ، بەرهەمهێنان ، فرۆشتنەکان ، باجی گومرگی باجی سەرخزمەتگوزاریەکان وباجەکانی سەر کالآی سەرمایة...هتد.

3-**باجی ڕاستەوخۆ وباجە نارستەوخۆ:** دەکرێت هەموو جۆرەکانی باج لە سیستەمەکانی باجی بەراوردکاری لە دوو جۆری سەرەکی کۆبکرێتەوە ئەوانیش: باجی ڕاستەوخۆ وباجی ناراستەوخۆ ، بیری داریی پێشنیازی کۆمەڵێك پێوەر دەکات بۆ جیاکرنەوەی باجی راستوخۆ لەباجی ناراستەوخۆ :

أ. **پێوەری کارگێری :** باجەکە ڕاستەوخۆ دەبێت ئەگەر هاتو باجەکە وەرگیرا بەپێی خشتەیەك ناوی باجدەر وبڕی ئەو ماددەیەی باجی دەکەوێتە سەر وبڕی ئەو باجەی دەکەوێتە سەری، باجەکە ناراستەوخۆیە ئەگەر باجەکە راستوخۆ لە باجدەر وەرنەگیرا.

ب. **پێوەری گواستنەوەی بارگرانی باج :** بە پێی ئەم پیوەرە باج ڕاستەوخۆ دەبێت ئەگەر هاتوو بارگرانی باجەکە کەوتە سەر ئەو کەسەی باجەکە دەدات بە گەنجینەی دەوڵەت، وەناراستەخۆیە ئەگەر هاتوو باجدەر توانی باجەکە بگوازیتەوە سەر یەکێکی تر وەك هاوردەکار کە بارگرانی باجی گومرگی دەگوازێتەوە بۆ کڕیاری کاڵاکە.

ج. **پێوەری جێگیری ئەو ماددەیەی باجی دەکەوێتە سەر:** بە پێی ئەم پێوەرە باجەکە ڕاستەوخۆ دەبێت ئەگەر هاتوو ماددەکە جێگیری وبەردەوامی ڕێژەی هەبوو وەك باجی عەقاری سەپێنراو بۆ سەر مولك و وباجی گشتی سەپێنراوی سەر دەستهات و داهات ، وە باجەکە ناراستەوخۆ دەبێت ئەگەر هاتوو سەپێنرابووە سەر ڕووداوێك یان ڕەفتارێکی لە ناکاو و ناجێگیرە وەك کردارەکانی هاوردە وهەناردەکردن, وەکردارەکانی دەستاودەستکردن یان گواستنەوەی خاوەنداریەتی....هتد.

❖ **بەراوردکرنی باجی راستەوخۆ و باجی نارستەوخۆ:**

1. باجی ڕاستەوخۆ بەوە جیادەکرێتەوە کە داهاتێکی جێگیری ڕێژەی هەیە لەبەر ئەوەی دەسەپێنرێتە سەر سامان وداهاتەکان بە پیچەوانەی باجی ناڕاستەوخۆیە دەسپێنرێتە سەر کردار وڕەفتارەکان کە دووبارە نابنەوە .

2. باجی ڕاستەوخۆ دادپەروەری زیاتری تێدایە لە باجی ناڕاستەوخۆ لەبەرئەوەی دەسەپێنرێتە سەر سەرمایە و داهات ئەمانەش توخمی ڕوونن بۆ دەست نیشانکردنی توانای دارایی باجدەر.

3. بوونی توانای جێبەجێکردنی بنەمایی گونجان لەسەر باجی ڕاستەوخۆ لەبەرئەوەی بەڕێوەبەربەرایەتی باج لەخودی باجدەرەکە باج وەردەگرێت ، بەڵام باجدەر لە باجی ناڕاستەوخۆ دیار نیە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی باجەوە.

4. باجدەر لە جۆری ڕاستەوخۆ هەست بە بڕی ئەو قوربانیدانە دەکات لە بەرامبەر ئەو باجەی دەیدات بە دەوڵەت ، بەڵام لەجۆری ناڕاستەوخۆ تاکەکان هەست بەو بارگرانیە ناکەن لەبەر ئەوەی باجەکە لەلایەن بەرهەمهێن یان وهاوردەکاران دەدرێت پاشان دەکەوێتە سەر بەکاربەر .

5. لەبەر بوونی نەرمی لە باجی ناڕاستەوخۆ داهاتەکەشی زیاد دەکات لەکاتی خۆشگوزەرانی لەبەر زیادبوونی چاڵاکی بەرهەمهێنان وبەکاربردن وە دەستاودەست کردنی داراییەکانی نێوان تاکەکان بەبێ پێویست بوونی بەرزکرنەوەی نرخەکەی بەڵام باجی ڕاستوخۆ نەرمی کەمتری تێدایە.

6. هەندێ جار باجی ڕاستەوخۆ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی ئابووری وکۆمەڵایەتی بەکار دەهینرێت وەك هاندانی زیادکردنی منداڵ یان ڕێگری کردن وە کەمکردنەوەی جیاوازی لە ئاستی داهات، وەهەروەها باجی ناراستەوخۆش بەکاردەهێنرێت بۆ ئامانجی کۆمەڵایەتی جۆراجۆر گرنگترینیان بەرنگاربونەوەی بەکاربردنی هەندێ کاڵای زیانبەخش وە مادده کحولیەکان.

دەکرێت بوترێت کەوا هەردووکیان تەواو کەری یەکترن وەبەیەکەوە سیستەمێکی باجی باشترە لە یەك سیستەمی پشت ببەستێ بەیەك جۆر ئەوەش لەهەموو یاساکانی باج پەیرەوی دەکرێت ، بەجۆرێك لایەنە باشەکانی باجی ڕاستەوخۆ لایەنە خراپەکان باجی نارستەوخۆ چارەسەر دەکات وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

### ڕێگاکانی دیاریکردنی دەفری(ماددە) باجەکە :

دیاریکردنی بڕی باج پێویستی بە خەملاندنیکی ڕاستەقینەی ئەوماددەی هەیە کە باجی دەکەوێتە سەر ، ئەمەش دوو ڕیگای سەرەکی هەیە بۆ خەمڵاندنی ماددەکە:

1) **ڕێگای ناڕاستەوخۆ : -** ئەمەش پست بە ڕێگای ڕوکاری دەرەکی دەبەستێ یان ڕێگای خەملاندنی ڕەمەکی (جزافی):-

أ. **ڕیگای رووخساری دەرەکی:** ئەم ڕیگایە پشت دەبەستێ بەهەندێ ڕووکاری دەرەوە کە خۆی لە دەربڕینی سامانی باجدەر دەبینێتەوە وەك ژمارەی خزمەتکارەکان ، کرێی خانوو ، ژمارەی ئۆتۆمبیل...هتد ، سەرەڕای ئاسانی وسادەی ئەم ڕێگایە بەڵام بەڵام تونابیاجدەر دەرناخات .

ب. **ڕێگای خەمڵاندنی ڕەمەکی (جزافی) :** بەهای ماددەکە خەملاندنێکی ڕەمەکی لەسەر بنەای پشت بەستن بە هەندێك بەڵگەی پێشەشکراو لە لایەن باجدەرەوە پەیوەندەی هەیە بەو ماددەیەی باجی دەکەوێتە سەر ،وەك دیاریکردنی دەستهاتی دکتور پشت دەبەستی بە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی لە نورینگە یان دەستهاتی سەر تاش لەسەر بنەمای ژمارە کورسیەکان ، ئەمەش ڕێگایە توانی ڕاستەقینەی باجدەر دەرناخات.

2) **ڕیگای ڕاسەتوخۆ :** ئەمەش پشت دەبەستێ بە دانپیانان (بڕیاردان) وە یان دیاریکردنی کارگێری :

أ. **ڕێگای دانپیانان:** زۆر لێکردنی باجدەر بەپێشکەشکردنی دانپێنان بە بڕی ئەو ماددەی باجی دەکەوێتە سەربەشێوەیەکی ڕوون و ورد ، بەڕێوەبەرایتی باج هەڵدەستێ بە دڵنیا بوون لە دروستی ئەو زانیارانەی پێشکەشکراون لە ڕێگەی پێداچونەوە بە تۆماری باجدەر ، وە دەفتەری بازرگانی یان هەر پەڕیەك تر کەوا بکات بگەنە ڕاستیەکان و دوورکەوتنەوە لە ساختکاری.

ب. **شێوازی دیاریکردنی کارگێری ڕاستوخۆ:** بەڕیوەبەرایەتی باج ئەم ڕێگایە پەیڕەو دەکات بۆ دیاریکردنی ماددەی باجەکە کاتێك باجدەر دانپینانی پێویست پێشکەش ناکات لەکاتی دیاریکراو بۆیە بەڕیوەبەرانی باج ئازاد دەبن لە خەمڵاندنی فراوان بۆ دیاریکردنی ماددەکە.

### چوارەم – نرخی باج :

مەبەست لە نرخی باج ڕێژەیە لە نێوان گوژمەی باج و گوژمەی ئەو ماددەی باجی دەکەوێتە سەر ، لەوانەیە خەمڵێنەر نرخی باج دیاری نەکات تەنها گوژمەی گشتی پێویست دیاری بکات وەك باج وە زۆر جاریش لەسەرەتا نرخی باجەکە دیاری دەکرێت :

1- **باجی دابەشکراو:** لە ژێر سایەی ئەم سیستەمە خەملێنەر هەلدەستێ بە دیاریکردنی کۆی گوژمەی پێویست بە کۆکردنەوەی لە باجدەرەکان ، پاشان هەڵدەستێ بە دابەشکردنی بەسەر تاکەکان و لە شوێنە جۆراوجۆرەکان شار وولات.

2- **باجی پێوانەی یان دیاریکراو:** مەبەست لێرە خەملێنەر نرخەکەلە پێشدا دیاری دەکات بەبێ دیاریکردنی کۆی گشتی داهاتی پێویست وە نرخەکەی بەجێ دەهێلی بۆ بەپێی بارودۆخی ئابووری ، لەوانەیە نرخەکە ڕێژەی بێ نەگۆڕیت بە گۆرانی بڕی ئەو ماددەیەی باجی دەکەوێتە سەر ، لەوانەیە نرخەکە هەڵکشاو بیت ئەگەر هاتوو بەهای ماددەکە زاتر بوو.

- **باجی ڕێژەی و باجی هەڵکشاو :** باجەکە ڕێژەی دەبێت ئەگەر هاتوو نرخەکەی بە ڕێژەی سەدی نەگۆر بوو ناگۆڕیت بەگۆرانی دەفری باجەکە ، بەڵام باجی هەڵکشاو نرخەکەی دەگۆریت بەگۆرانی بەهای ماددەکە.

- **دەکرێت دەستەبەری هەڵکشان لە باج بکرێت بە زۆر ڕێگا گرنگترینیان :**

1. **هەڵکشانی چینایەتی( هەڵکشانی کۆ) :**ئەم ڕیگایە بریتیە لە دابەشکردنی داهاتەکان بۆ ژەند چێنێك لە سفر دەست پێدەکات و کۆتا دێت لە سنورێکی دیاریکراو هەرچەند لە چینێکەوە بچێتە چینێکی بەرزتر نخەکەی زیاد دەکات.

2. **هەڵکشان بە پێی توێژ(شرائح) :**بە پێی ئەم ڕێگایە دەفری باجەکە دابەشدەکرێت بۆ چەند توێژێك هەر توێژێك نرخێکی تایبەتی هەیە.

3. **باجی داکشاو ( هەڵکشان لە ڕێگەی دابەزاندن):** بەپێی ئەم ڕێگایە بە نرخێکی ڕێژەی گشتی جێبەجێ دەکرێت بەسەر هەموو داهاتەکان بەنرخێکی کەمتر لەگەل زیاد بوونی بەهای ماددەکە.

## تەوەری سێ یەم داهاتەکانی تر

**یەکەم/ داهات لە میرانە**

**دووەم/ قەرزی گشتی**

**سێ یەم/ دەرکردنی پارەی نوێ**

**چوارەم / داهاتی سەرپێچیەکان**

**پێنجەم / کۆمەك**

**یەکەم/ داهات لە میرانە**

ڕسومات بە داهاتی گشتی دادەنرێت کە نزیکەی جار جارە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە و داهاتەکەی بۆ دابینکردنی دارایی چالاکییە داراییەکان و بەدەستهێنانی قازانجی گشتی بەکاردەهێنرێت، دەوڵەت داهاتەکانی لە ڕسومات وەردەگرێت وەک قەرەبووی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە ئاسانکارییە گشتییەکانی پێشکەشی تاکەکان دەکەن لە ڕێگەی ئەو چالاکییە گشتیەی کە لە سەرەتادا ئاسانکاری گشتی بۆ دروست کراوە.
یەکەم - پێناسەی ڕسومات: ڕسومات بریتیە لە برە پارەیەک کە تاک بە زۆر دەیدات بە دەوڵەت لە بەرامبەر سودەکەی لە خزمەتێکی دیاریکراو کە بۆی ئەنجام دەدات، لە ئەنجامدا سوودێکی تایبەتی بۆی دروست دەبێت جگە لە سوودێکی گشتی .

**▯ تایبەتمەندی میرانە (الرسومات)**

1) ڕسوماتەکە برە پارەیەکی نەختینە: مەرجی فۆڕمی نەختینەیی کرێیەکە بۆ ئەوە هات کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ گەشەسەندنی مۆدێرن لە دارایی دەوڵەتدا لەڕووی خەرجییەکان و داهاتەکانیەوە کە فۆڕمی نەختینەیان وەرگرتووە.
2) ڕسوماتەکە بە ناچاری لەلایەن تاکەکانەوە دەدرێت بە دەوڵەت: ڕسوماتەکە بە ڕێسای یاسایی دەسەپێنرێت کە پابەندکەرن، تاکەکەس ناچار دەکات بیدات ئەگەر داواکارییەک پێشکەش بە یەکێک لە فەرمانگە گشتیەکان یان ئۆرگانەکان بکات، هەروەها بەهای ڕسوماتەکە بەپێی ئەم ڕێسا یاساییانە دیاری دەکرێت.
3) توخمە ڕەچاوکردن لە پێدانی کرێ: ئەو کرێیە لەلایەن تاکەوە دەدرێت لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکی تایبەت کە لە دەوڵەت بەدەستی دەهێنێت، ئەم خزمەتگوزارییە دەتوانێت کارێک بێت کە لەلایەن یەکێک لە دەزگا گشتیەکانەوە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەس ئەنجام دەدرێت، وەک وەک چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان یان بەکارهێنانی تاکەکەس لە هەندێک دامەزراوەی گشتی، بەکارهێنانی بەندەر و فڕۆکەخانەکان، کرێی بەندەرەکان و هەندێک ڕێگای گشتی.
4) بەدەستهێنانی قازانجی تایبەت جگە لە قازانجی گشتی: ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم خزمەتگوزارییە جگە لە قازانجی تایبەت، نوێنەرایەتی قازانجێکی گشتی دەکات کە سوودی بۆ کۆمەڵگا بە گشتی یان ئابووری نیشتمانی لە گروپێکدا هەیە بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری ئاسانکاری دادوەری، کۆمەڵگا سوودمەندە لەو چالاکییە دادوەرییەی کە ماف بە خاوەنەکانی دەدات و دڵنیایی و ئاسایش و سەقامگیرییان بۆ گەرەنتی دەکات و ئەمەش چاکەیەکی گشتییە.

**دووەم - ڕۆیاڵتی (کرێ و کرێی باشترکردن):**
برە پارەیەکە کە دەوڵەت بە زۆر بەسەر خاوەن خانووبەرەکاندا دەسەپێنێت بە ڕێژەی ئەو سوودە گشتیەی کە لە ئەنجامدانی هەندێک کاری گشتیدا بۆیان کۆدەبێتەوە.
نموونەی ئەم کارانە بریتین لە: دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگاوبان، بەستنەوەی کارەبا، یان هەڵکەندنی کەناڵ و ئاوەڕۆ بۆ ئاسانکاری ئاودێری زەوییە کشتوکاڵییەکان...هتد. ڕۆیاڵتی زۆر لە کرێ دەچێت، ئەمەش وایکردووە هەندێک وەک جۆرێک لە کرێ سەیری بکەن، بەڵام ئەو لایەنانەی لێی جیاوازن زۆرن و گرنگییەکی زۆریان هەیە: ڕادەی زۆرەملێکردن لە ڕۆیاڵتیدا جیاوازە لە کرێیەکدا .لە حاڵەتی ڕۆیاڵتی بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ دەربازبوونێک

بۆ خاوەن خانووەکە نییە، خاوەن خانووبەرەکە دەتوانێت بیدات بە مەرجێک موڵکەکەی لە کارە گشتیەکان سودمەند بووبێت، سەبارەت بە کرێی پارەش ئەگەری هەیە پارەی کاشەکە نەدرێت ڕەچاوکردن بە دوورکەوتنەوە لە سوودمەندبوون لەو خزمەتگوزارییەی کە ئەم پارەیە بڕیاری لەسەر دراوە لەو حاڵەتانەی کە زۆرەملێی یاسایی بەدەست نەهاتووە لە ئەنجامی کارە گشتیەکان.سەبارەت بە کرێیەکە، هەرکەسێک بیەوێت سوودمەند بێت لە هەندێک خزمەتگوزاری پارەی بۆ دەدات چاککردنەوەی ئەو پڕۆژانە و ئەوەی پێویستیان پێیەتی، لە خەرجییە وەرزییەکان، بە تەنیا لەلایەن ئەوانەوە دەیانگرێتەوە. پارەی ڕۆیاڵیتی تەنها جارێک دەدرێت، لەکاتێکدا هەر جارێک کە خزمەتگوزارییەکە بەدەست دەهێنێت لەلایەن سودمەندەوە پارەکە دەدرێت.

**سێیەم: بەراوردکردن لە نێوان باج و میرانە**

**1) لێکچوونەکان:**

و/ بڕە پارەیەک کە تاکێک بە زۆر دەیکات.

ب- هەردووکیان پارەی کۆتایی دەدەن بە دەوڵەت، داهاتەکەیان بۆ دابینکردنی خەرجییە گشتیەکان بەکاردەهێنرێت.

ج- بۆ ئەوەی دەوڵەت داوایان لێبکات، ئیمتیازێکی بەسەر پارەی قەرزداردا هەیە و دەبێت ئامرازێکی یاسایی دەربکرێت بۆ سەپاندنی هەریەکەیان.

**2) جیاوازیەکان:**

أ) باجەکە بەبێ بەرامبەر دەدرێت بۆ خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو بۆ پارەدەر، لەکاتێکدا پارەکە دەدرێت لە بەرامبەر ئەوەی تاکەکەسەکە خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو بەدەستبهێنێت.

ب- باجەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەسەپێندرێت جگە لە مەبەستی دارایی، سەبارەت بە ڕسوماتەکەش ئامانجی سەرەکییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت داهاتی دارایی بۆ خەزێنەی گشتی بەدەستبهێنێت.

ج- باجەکە دەسەپێندرێت و نرخەکەی بە یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێت، بەڵام ڕسوماتەکە بە یاسا دادەنرێت و بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن جێدەهێڵرێت بۆ دیاریکردنی نرخەکەی.

د) باجەکە لەسەر بنەمای توانای دارایی تاکەکەسەکە و توانای هەڵگرتنی بارگرانییە گشتیەکان دەسەپێندرێت، لەکاتێکدا باجەکە لەسەر بنەمای داپۆشینی خەرجییەکانی ئەو ئاسانکارییە دەسەپێندرێت کە سوودی تایبەت بە پارەدەرەکەی دابین دەکات.

هـ- زیادبوونی گرنگی باج وەک سەرچاوەی داهاتی گشتی لە سەردەمی مۆدێرن و کەمبوونەوەی گرنگی ڕسومات وەک سەرچاوەیەکی دارایی.

# بەشی چوارەم
# بودجەی دەوڵەت

**پێشەکی**

بودجەی گشتی دەوڵەت نوێنەرایەتی، لە ئێستادا، بەڵگەنامەی بنەڕەتییە بۆ لێکۆڵینەوە لە دارایی گشتی بۆ هەر وڵاتێک ، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، سیاسی و دارایی.بودجەی گشتی بۆ دەوڵەتان، خەمڵاندنی داهاتی گشتی و خەرجییە گشتیەکان بۆ ماوەیەکی داهاتوو لەخۆدەگرێت، پلانێکی داراییە بۆ دەوڵەت کە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییە گشتیەکانە لەژێر ڕۆشنایی ئەو سیاسییەی کە هەیە، بارودۆخی ئابووری، و دارایی و ئامانجەکانی ناو کۆمەڵگا.

## تەوەری یەکەم
## چەمکی بودجەی گشتی دەوڵەت

بودجەی گشتی دەوڵەت یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پلاندانانی دارایی، بەو پێیەی ئەو ئامرازە بنەڕەتییە کە ئامانج و سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەت لە چۆنیەتی ئیستغلالکردنی سەرچاوەکان و پرۆسەی دابەشکردنیان دیاری دەکات، ئەوەش زانراوە کە هیچ وڵاتێک ئەو... توانای بەدەستهێنانی سەرچاوەی بێسنوور، بەبێ گوێدانە ئەوەی چەندە دەوڵەمەندە. ئینگلتەرا بە یەکێک لە یەکەم وڵاتەکان دادەنرێت کە بودجەی گشتی بە مانا مۆدێرنەکەی دامەزراندووە، دواتر فەرەنسا دێت و بنەماکانی ئەو وڵاتانەی دامەزراندووە کە بودجەی گشتی لەسەر بنەمای زانستی ڕوون دادەنێت.

### تایبەتمەندییەکانی بودجەی گشتی

1) **بودجەی گشتی خەمڵاندنێکە بۆ داهات و خەرجییەکانی دەوڵەت بۆ ماوەی داهاتوو:** بودجەی گشتی دەوڵەت پێشبینی ئامارەکانی بڕی خەرجییە گشتییەکان و داهاتی گشتی بۆ ماوەیەکی دواتر، بەزۆریساڵێک لەخۆدەگرێت.

2) **بودجەی گشتی بریتییە لە خەمڵاندنێک کە دەسەڵاتی یاسادانان پەسەندی دەکات:** ئەم خەمڵاندنە دەبێت لەگەڵ پەسەندکردن یان پەسەندکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ ئەم خەمڵاندنە بێت، واتە پەسەندکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و پەسەندکردنی بودجەی گشتی بنەڕەتییە مەرجی جێبەجێکردنی بودجەی گشتی، و بەبێ ئەم پەسەندکردنە، بودجە وەک پڕۆژەیەکی پێشنیارکراوی دەمێنێتەوە.

3) **بودجەی گشتی پلانێکی داراییە بۆ ساڵی داهاتوو:** لە ڕوانگەی ئابووری و داراییەوە، بودجەی گشتی بە پلانێکی دارایی دادەنرێت کە لە ژێر ڕۆشنایی پەسەندکردنی ئابووریدا ئامادەکراوە، بە شێوەیەک کە دڵنیابێت لە بەدەستهێنانی زۆرترین تێرکردنی پێداویستییە گشتیەکان لە ماوەی داهاتوودا، کە ئەو ساڵە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ساڵی دارایی دەست پێدەکات، بۆ دەوڵەت لە بەروارێکی دیاریکراودا لە خۆیدا، هەر دەوڵەتێک مافی ئەوەی هەیە سەرەتا و کۆتایی ساڵی دارایی خۆی دیاری بکات، بەپێی ئەو لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و ئابووری خۆی، و توانا کارگێڕی و پراکتیکییەکانی.

4) **بودجەی گشتی پلانێکی ساڵانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە:** بودجەی گشتی دێت بۆ دیاریکردنی ڕێگایەکی دروست کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی پلانی هەمەلایەنە، کە دەبێت حکومەت پابەند بێت پێیەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە کاتیەکانی ساڵانەی تیایدا هیوای گەیشتن بەو ئامانجە کۆتاییانەی کە بۆ کۆمەڵگا دانراون، بودجەی گشتی ئەو چوارچێوەیەیە کە ڕەنگدانەوەی هەیە.

5) **بودجەی گشتی کارێکی کارگێری و داراییە:** لە ڕووی گشتیەوە بودجە پلانێکی کارگێڕی و ڕێکخراوەییە بۆ کارکردن کە بەپێی ئەو بەرپرسیارێتیانەی پەیوەستن بە بڕیاردانی ئەو بڕیارانەی کە پرۆسەی جێبەجێکردن داوایان لێدەکات بەسەر ئۆرگانە جیاوازەکانی کارگێڕی و جێبەجێکردندا دابەشدەکرێت بە شێوەیەک کە جێبەجێکردنی دروست مسۆگەر بکات، و لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان کە نوێنەرایەتی خەڵک دەکات.

## تەوەری دووەم
## بنەماکانی بودجەی گشتی دەوڵەت

پرەنسیپەکانی بودجەی گشتی ڕێسای تیۆریین وەک ئەوەی فەقێ و نووسەرانی دارایی گشتی باسی دەکەن، هەندێکیان زیادەڕەوییان لە بەهاکەیان کردووە و ژمارەیان زیاد کردووە و هەندێکیشیان لە ڕووی گرنگییەوە دابەشیان کردووە بەسەر بنەما سەرەتایی و لاوەکییەکاندا، بەهای ئەم بنەمایانە بەپێی یاسا یاساییەکانی هەر وڵاتێک لە کات و شوێندا دەگۆڕێت.

**یەکەم - بنەمای یەکگرتوویی بودجە:**
پێناسە: دەوڵەت تەنیا یەک بودجە ڕێکدەخات کە لایەنی جۆراوجۆری خەرجییەکان و داهاتەکانی لەخۆ بگرێت، گرنگ نییە سەرچاوەکانیان چەندە جیاواز بن هەن، و گرنگ نییە چەند دامەزراوە و ئۆرگانی گشتی لەلایەن ڕێکخراوی کارگێڕی دەوڵەتەوە داوا دەکرێت.
ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بودجە لە یەک ئامرازدا پێشکەش بە دەسەڵاتی یاسادانان بکرێت کە لایەنە جیاوازەکانی چالاکیی و چالاکییە داراییەکانی دەوڵەت ڕێکدەخات.

**دووەم - بنەمای گشتگیری بودجە:-**
پێناسە: بنەمای گشتگیری بودجە یان کۆی بودجە بەو مانایەیە کە بودجەی دەوڵەت هەموو خەرجییەکانی لەخۆدەگرێت، هەموو...
داهاتەکانی بەبێ شاردنەوە یان چاودێریکردن، و بەبێ ئەوەی هیچ لێبڕینێک یان قەرەبووکردنەوەیەک لە نێوان هیچ کام لە داهاتەکانی دەوڵەت و هەریەکێک لە خەرجییەکانیدا بکرێت.
ئەم بنەمایە یارمەتی دەسەڵاتی یاسادانان دەدات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو داهات و خەرجییەکان بکات، بەجۆرێک کە هیچ ئیدارەیەک ڕێگەی پێنادرێت داهاتەکانی بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی لە دەرەوەی چاودێری دەسەڵاتی یاسادانان بەکاربهێنێت.

**سێیەم: بنەمای بودجەی ساڵانە**
پێناسە: بنەمای ساڵانەی بودجە بەو مانایەیە کە داهات و خەرجییەکان بە شێوەیەکی وەرزی بۆ ماوەی ساڵێک دەخەمڵێنرێن و هەر ساڵێک بودجەیەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ خەرجییەکان و داهاتەکانی لە بودجەی ساڵی پێشوو و لە بودجەی ساڵی دواتر.

**چوارەم - بنەمای یەکسانی بودجە (بنەمای هاوسەنگی)**
پێناسە: ئەم بنەمایە بە واتای یەکسانی خەرجییە گشتییەکان لەگەڵ داهاتی گشتی لە بودجەی گشتی دەوڵەتدا، واتە:
1- خەرجی گشتی نابێت لە داهاتی گشتی زیاتر بێت یان کەمتر بێت.
2- پارەدارکردنی خەرجییە گشتییەکان دەبێت تەنها پشت بە داهاتی گشتی ببەستێت.

**پێنجەم: پرەنسیپی بڵاوبوونەوەی بودجە**
پێناسە: ئەم بنەمایە بەو مانایەیە کە هەموو خەرجییەکانی دەوڵەت بە هەموو داهاتەکانی دەیانگرێتەوە و بەبێ تەرخانکردنی داهاتێکی دیاریکراو بۆ خەرجیەکی دیاریکراو.
بۆ نموونە: تەرخانکردنی پارەی ئۆتۆمبێل بۆ دروستکردنی ڕێگاوبان دروست نییە و ئەم بنەمایە هاوتایە لەگەڵ تەرخانکردن.

## تەوەری سێیەم
## خولی بودجەی گشتی

پرۆسەکانی بودجە بە خولێکی بەردەوامدا تێدەپەڕن کە قۆناغەکان لەخۆدەگرێت کە تێیدا ڕابردوو و داهاتوو و ئێستا سەریەک دەخەن، لە ماوەی ساڵی داراییدا. سەرکەوتوو دەبێت و ساڵ لە دوای ساڵ دووبارە دەبێتەوە، هەر قۆناغێک تایبەتمەندی و کێشە و پێداویستی تایبەت بە خۆی هەیە، بەم شێوەیە دەتوانرێت سووڕی بودجەی گشتی بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوە دابەش بکرێت بەسەر چوار قۆناغی جیاوازدا کە لە قۆناغی ئامادەکارییەوە دەست پێدەکات، پاشان پەسەندکردن (پەسەندکردن) لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، پاشان قۆناغی جێبەجێکردنی بودجەی گشتی.پاشان قۆناغی چوارەم لەگەڵ جێبەجێکردندایە لە قۆناغی چاودێریکردن و پێداچوونەوەدا.

**یەکەم - قۆناغی ئامادەکاری**

قۆناغی ئامادەکاری کۆمەڵێک کێشە لە لایەنی سیاسی و ئابووری و داراییەوە دەوروژێنێت کە هەندێکیان پەیوەندییان بە دیاریکردنی دەسەڵاتی بەرپرسیار لە ئامادەکارییەوە هەیە و هەندێکی دیکەشیان لە دەوری ئەو شێوازە تەکنیکیانەی کە لە خەمڵاندنی هەردوو خەرجی گشتی و داهاتی گشتیدا بەکاردەهێنرێن دەسوڕێنەوە.

**دووەم - پەسەندکردنی بودجەی گشتی:**

وەزارەتی دارایی ڕەشنووسی بودجەی گشتی ئامادە دەکات و ئامادە دەکات، ئەم ڕەشنووسەش دەخاتە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران بۆ لێکۆڵینەوە و پەسەندکردنی، ئەم ڕەشنووسە، یان لە لایەن سەرۆکوەزیرانەوە، یان لە لایەن سەرۆکی کۆمارەوە، بە گوێرەیەوە دەخرێتە بەردەم دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر سیستەمی حکومەت، بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ و پەسەندکردن (پەسەندکردن).

**سێیەم: جێبەجێکردنی بودجەی گشتی**

دوای دەرچوونی یاسای بودجەی گشتی لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، ئەمە بە واتای دەستپێکردنی قۆناغی جێبەجێکردنە، واتە گواستنەوە لە پێشبینیکردنەوە بۆ ماوەی داهاتوو بۆ واقیعێکی بەرجەستە لە ئێستادا، جێبەجێکردنی بودجەی گشتی بە واتای پرۆسەکان لە ڕێگەیەوە کە ئەو برە پارانەی لە لایەنی داهاتی گشتیدا هاتووە کۆدەکرێنەوە، و ئەو برە پارانەی کە لە لایەنی داهاتی گشتیدا هەیە خەرج دەکرێن.خەرجییە گشتیەکان.هەرچەندە ئامادەکردن و ئامادەکردنی بودجەی گشتی وردتر و وردتر و بابەتیانەتر بێت، زیاتر جێبەجێکردنی... بودجەی گشتی لەگەڵ واقیعی پراکتیکیدا یەکدەگرێتەوە و زۆر نزیکە لەو ژمارانەی کە لە بودجەی گشتیدا هاتووە.